www.kurdistannet.org
25-8-02 11:29:03

# تۆ کورەکەی جاران نیت؟!

هێمن مەلا عەبدوڵلا

خەریکە هەرەشەکانی ئەمریکا بۆ لێدانی عیراق خۆی لە ساڵێك نزیك دەکاتەوە، لەو ماوەیەدا بە جددی جەخت لەسەر گۆڕین و لادانی رژێمی سەددام و جێنشینکردنی حوکمێکی دیموکراتیانە لە عیراقدا دەکرێت و چاوەکانیش لە سەرتاسەری دنیادا رووەو سەنتەرەکانی بڕیاردانی ئەمەریکین، هەموولا چاوەڕوانن دوایین ئاماژە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان ببینن. .خەڵکی باشوری کوردستانیش بە حوکمی بەستراوەیی‌یانەوە بەو باس و خواسانەوە گوێیان بۆ لێبەدەریێ ولێبیناردێی دەزگاکانی میدیای جیهانی راداشتووە و دیانەوێت شتێك دەربارەی خۆیان ببیستن: ئەرێ چارەنووسی ئێمە چیی لێدێ؟ لە پاش لێدانەکە ئەو تەجرەبەیەی گەیشتووەتە قۆناغی هەرزەیی وەك عادەتێکی مێژوویی‌یانە لە بار دەبرێت یان زێتر پەرەی پێدەدرێت؟ دەبێ ئەمریکا وەك ساڵی ١٩٧٥مان بە سەر نەهێنێتەوە؟ یان بارەکە گۆراوەو شتی وا روونادات؟..

پرسیارەکان زۆرن و وەڵامەکانیش یان لە دۆسێی سیاسی‌یە رازگرەکانی خۆماندا، یانیش لە نێو دیسکێکی کۆمپیوتەرەکەی پرێزیدێنت بووش دان، بۆیەش هەم من و هەم ئێوەش هەرچی بڵێین هەر مەزندە ی شەخسی دەبن، کەوابێ با تۆزێك واقیعیین بین.

بەش بە حاڵی خۆم زۆرم هەوڵدا ئەگەر لە رێی ئەنتەرنێتەوەش بێت سۆراغی هەواڵی دڵخۆشکەر و زانینی نهێنی‌یەکان بکەم، بەڵام بە گشتی ئەوەندەم وەبەر دەستان هات کە: ئەمریکا بڕیاری خۆی داوەو لە عیراقی هەردەدات، سەبارەت بە کوردانیش بەڵێنی سەدلە سەدیان دراوەتێ کە پشتیان بەر نادرێ و شتێکی چاکیشیان بۆ دەکرێت، تەنانەت لە هەندێك شوێندا پۆلێنبەندیی بەرژەوەندی‌یەکانی سوپەر پاوەری گەورەیان لە باشوری کوردستاندا پیشان دەدام و دەریان دەخست کە ئەو ناوچەیە شتی گەورەی لێچاوەروان دەکرێت، ئەزیش بە چاوی ئەبلەقەوە دەمگووت: جا کوا قەت خوا شتیوا ناکات!!.

＊＊＊

قسەیەك هەیە دەڵێت: لە سیاسەتدا نە دۆستایەتیی هەتا سەر هەیە، نە دوژمنایەتیی هەتا سەریش.. بۆیەش جێی سەرسوڕمان نی‌یە کە ئەوەی ئەورۆ بەڵێنی پشتیوانیت دەداتێ سبەینێ خەنجەرانت لە پشترا لێبدات، ئیدی ئەوە سیاسەتە و بەرژەوەندی‌یەکان ئاراستەکەی دیاریدەکەن!.کاتێك لە ساڵی ١٩٧٤یشدا هەر ئەم خاوەن نێوبانگی (مام سام)ەی ئێستا بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانیی بە شۆڕشی کوردان دەدا کەس گومانی لە وەعدەکانی نەدەکرد، کەچی دواییش سوك و سانا پاشگەز بۆوە و دەبەر بەرژەوەندیی گەورەتری مراندن، هێندەشی پێنەچوو یەکێك لە رێکخەرانی پیلانەکە گووتی: سیاسەتێان دەهەڤبەر کورداندا بێرەوشتانە بوو!..بەڵام پاش چی؟!،. شوشبوویانیەوە بە قوراوێ چاکەی دوایێشمان ناوێ.!!.

ئێستا نوسینی کۆنە پۆلیسێکی ئەمریکیم لە لایە کە ناوی (مایکل رۆپەرت)ە و لە گۆڤاری نیکسۆسی ئەمریکیدا بلاویکردۆتەوە، نوسینەکە دەربارەی بازرگانیکردنی دەستەلاتدارە پایەبەرزەکانی ئەمریکایە بە ماددەی بیهۆشکەر و کۆمەلێك زانیاریی سەیر و سەرنجراکێشی تێدایە، (مایکل)باسی کۆمپانیای (براون ـ Brown_Root Halliburton Corporaition)دەکات، کە بەرێوەبەرەکەی (دیك چینی)ی جێگری سەرکۆماری ئێستای ئەمریکایە و بازرگانان بە ئیمپراتۆری تلیاك فرۆشی دەیناسن، و دەلێت : ئەم کۆمپانیایە بە هۆی هەبوونی پتر لە بیست هەزار کارمەند لە ئۆفیسەکانیدا کە بە تەواوی ولاتانی جیهاندا بلاو بوونەتەوە، هاوکارییەکی بەرچاوی سوپایی و هەوالگریی دەولەتی ئەمریکا دەکات و لە نێوەوشدا سالانە بودجەیەکی یەکجار مەزنیان دەداتێ، بەو هۆیەشەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی بە سەر سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەو دەولەتەوە هەیە.

ئینجا (مایکل)باسی کوردان دەکات و بە ناراستەوخۆ بۆچونی خۆی سەبارەت بە پەیوەندی کورد و ئەمریکا بەو شێوەیە دەخاتە روو : کوردە شۆرشگێرەکان زیاتر لە پەنجا سالە سنوری نێوان ئەفغانستان ـ ئێران و عیراق ـ تورکیا دا خەریکی قاچاغچێتیی هێرۆیینن و لەو رێگەیەوە پێداویستییەکانی شۆرشەکەیان دابین دەکەن !!.

دواتر لە شوێنێکی دیکەدا دەنوسێت :..لە سالی ١٩٨٢دا، (پێل جابر)کە مامۆستای زانستە سیاسییەکانە و یەکێك بووە لە هەلسورێنەرە کاراکانی CIAو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە گەلمداکەوتە گفتوگۆ، ئەو پێی گوتم کە دوای مۆرکردنی پەیماننامەی سالی ١٩٧٥لە نێوان شای پێشووی ئێران و سەددام حوسێن، دەولەتی ئێرانی بەلێنی دابوو واز لە هاریکاریی ئاشکرای سەربازیی شۆرشڤانە کوردەکانی دژی سەددام بێنێت و لە بەرامبەردا شەتولعەرەبی بۆ بکرێتە نوقلانە..دەزگای CIAلەبەر ئەوەی حەزی نەدەکرد ئەو هەرمە بە نرخەی کوردان لە دەست بدات، سوودی لە توانای کۆمپانیای براون وەرگرت کە لە عیراق و ئێراندا چالاکیی دەنواند، بۆ ئەوەی چەکدارکردنی کوردان هەر بەردەوام بێت..هتد.

هەروەسا لە شوێنێکی دیکەدا باسی دەزگیرانەکەی دەکات کە ناوی (ئۆردیکا دۆراسی)بووە و کارمەندی CIAبووە، (مایکل)دەلێت : ئۆردیکا لێپرسراوی ئامادەکردن و ناردنی بارێکی گەورەی چەکی جۆری کلاشینکوف و ئێم شانزدە بووە بۆ ئێران کە دیارە بۆ کوردان نێردراوە..

بە بروای من ئەگەر ئەو زانیارییەی دواییان راست بێت، ئەوە سەرەداوی باسێکی سەیر دەدات بە دەستەوە، ئەویش بەوەی کە رەنگە حەمەرەزا شا بۆ ماوەیەك ئەمریکای خاپاندبێ و بە نێوی کوردانەوە هاوکاریی سەربازیی لێوەرگرتبێ..بەلام وابوبێ یان وانەبووبێ هیچ لە مەسەلەکە ناگورێ، تازە دەستە گولەکە بە ئاو درابوو و کوردیش خیانەتەکەی لێکرابوو !.

* * *

www.kurdistannet.org
25-8-02 11:29:03

زۆر کەس دەپرسێت : دەبێ کەی ئەمریکا جاری شەر بدات؟، زۆر کەسیش ئەوە بۆ ساڵێك دەچێت وەڵامدەدەنەوە : سبەینێ نا دووسبەی لێیدەدرێ. .

ئەوی راستی بێت، خەڵکە سادەکە، ئەوانەی کێشەی دیکەیان هەن و ناتوانن موتابەعەی ئەم جاردان و جارنەدانە بکەن، ئەگەر پرسیاری واشیان بە سەر زاردابێت جێی گلەیی نین، بەڵام کە رۆژنامەڤانێك وا دەپرسێت، هەقە بە رووداوەکاندا بچێتەوە بپرسێت : ئەدی ئەو هەموو مقۆمقۆ و پرۆژە بڵاو کردنەوەو کۆبونەوە رێکخستنە بۆخۆی بەو مانایە نی یە کە شەرەکە جار دراوە؟!. .بێگومانم لەوەی کە هەر کەسێك راگەیاندنی ئەمریکی و سیاسەتی ئیعلامیی ئەو دەوڵەتە بناسێت، چاك دەزانێت هەنووکە ئەمریکا (شەری تۆقاندن)لە گەڵ عیراقدا دەکات و هەر کاتێك ئەو شەرە ئامانجەکانی بە تەواوی پێکان، دوا قۆناغی شەر کە نێوی (شەری تەپاندن)ە دەست پێدەکات.

سەبارەت بە کوردیش ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە دووبارە خیانەت نەکردنەوەی ئەمریکایە، دەڵێن ئەگەر لە ژاپۆندا کەسێك چاکەیەك بکات کە لێی چاوەروانناکرێت، بۆ خۆی تێدەگات کە خەڵك لێی بە گومانن، بۆیەش بە زەردەخەنەوە دەڵێت : باوەر بکەن من کورەکەی جاران نیم !!.تۆ بڵێی جۆرجی بۆشزادەش وا بە ئێمە مانان بڵێت؟!.